






# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

## ١٩٤٥ - ١٩٩٠

**د. هۆشمەند عەلی محمود – کوێستان نستانی**

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥- ١٩٩٠) (ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا)





**کوێستان نستانی**

**د. هۆشمەند عەلی محمود**

بەئاگاهاتنەوەی ژنان لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا، کە لە سەردەمی قاجارەوە (١٧٩٤ - ١٩٢٥) دەستی پێ کردبوو و تا دوای شۆڕشی مەشرووتە (١٩٠٦ - ١٩١١) و لە قۆناغەکانی دواتریشدا لە پەرەسەندندا بووە. لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی (ڕەزاشا ١٩٢٥ - ١٩٤١) و (محەممەدڕەزاشا ١٩٤١ - ١٩٧٩) ژنان لە نێوخۆی کۆمەڵگەی ئێراندا لە جاران بوێرتر هاتوونەتە مەیدان و باوەڕیان وابووە کە گرنگ و پێویستە بەشێوازێکی دیکە بژین. لەسەر ئەو باوەڕەش دەستیان

بە شۆڕشێکی نوێ کردوە و توانیویانە چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشکراتر لە چوارچێوەی چەندین ڕێکخراو و بڵاوکراوەی تایبەت بە ژناندا پەرەپێ بدەن (دلریش، ١٣٧٥، ١١١؛ همایون، ١٣٥٤، ٤٦). واتا نیشانەکانی ڕوناکبیری لەنێو بزووتنەوەکانی ژنانی ئێراندا بە گشتی چووبووە قۆناغێکی پێشکەوتوو و (عباسی و دیگران، ١٣٩٣، ٦٤؛ ستودە، ١٣٧٣، ١١٨) بە ئاوێتەبوونی کولتووری ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوادا، ژنانی نێو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی کەوتبوونە بەر شاڵاوی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی وڵات و بنەماڵەی شاهانشاهی لەپێناو برەودان بە شوناسی بنەماڵەکەیان و بەمۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران و ڕیفۆرم لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەتی لەمەڕ پرس و مافەکانی ژنان لەکۆمەڵگەیەکدا، کە ڕوحانییەت دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبووە، هەوڵیان دا ڕۆڵی خۆیان بگێرن(١) (همایون، ١٣٥٤، ٢٤).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کورستان بە تایبەتی لە مەڕ پرسی ژنان گۆڕانکاریی گەورەی بە خۆیەوە بینیووە کە هێشتا تێڕوانینی کۆمەڵگە لەژێر یاسا و تێڕوانینێکی باوک سالاریدابووە، بەڵام ژنان بۆ تێپەڕاندن و زاڵبوون بەسەر ئەو کولتورەدا هەوڵیان داوە لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و گەشە بە شوناسی خۆیان لە چوارچێوەی مافە مەدەنی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان بدەن، ئەوەش لە نوسینی گەریدەکاندا بە تەواوی ڕەنگدانەوەی هەبووە و پێیان وایە ئافرەتی کورد خاوەن پێگەی سیاسی و سەربازی بوون و شارەزاییەکی بەرچاویان لە بارەی خێڵ و عەشیرەت و پلان و بەرنامە و ناکۆکیی نێو هۆزەکان هەبووە و تەنانەت بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بۆچوونی خۆیان خستۆتەڕوو. هەروەها گەریدەکان ئافرەتی کوردیان بە سیمبولی ئاشتی و یەکگرتوویی و کۆمەڵایەتی وێنا کردوە و ئەوەشیان خستۆتە ڕوو کە ژنان وەک سەرۆک خێڵ ڕێزیان لێ گیراوە و تەنانەت وەک سەرۆک خێڵ عەشیرەتیان بەڕێوە بردوە (محمد، ٢٠٢٤، ٩٤ - ٩٥).

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) و وەرگرتنی سەرۆکایەتیی (ژێکاف) لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد ئەرک و کاری گرینگ ئەنجام دراوە. هەروەک لە نوسراوەکاندا دەردەکەوێ دوای چوونی "سازمانی جەوانانی کورد" بۆ نێو ڕیزی (ژێکاف) و ئاشکرابوونی خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە، کاتێک ڕێکخراوی سازمانی جەوانانی کورد ڕاسپێردرا شانۆیەک بە ناوی (دایکی نیشتمان)(٣) بێننە سەر شانۆ، داوای ئامادەکاری و دەستنیشانکردنی کەسانی شیاو وەک ئەکتەر بۆ ئەم شانۆیە بکەن کە هەموویان پیاو بوون. لە هاوینی ساڵی ١٩٤٥ لە تێرمیناڵی شاری مەهاباد ئەو شانۆیە پیشان درا و ١٧ ئەکتەر تێیدا بەشداربوون. بەشێک لە ئەکتەرەکان بریتی بوون لە سیروس حەبیبی، سەید عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان، غەنی بلووریان، محێدین ماوەرانی و عەبدوڵڵای نەهری کە ڕۆڵی دایکی نیشتمانی گێڕاوە.
نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە بۆ وشیاری کۆمەڵگە بەگشتی و هاندان و بەشداریی ژنان بووە بۆ بینینی بەتایبەتی. ئەوە لە کاتێکدا،کە کوڕانیش لەو ڕۆڵگێرانەدا دوچاری گرفت و ڕەخنە بوونەتەوە، چ جای بگات بەوەی ژن بەشداریی بکات و وەک

ئەکتەر ڕۆڵ بگێریت! ئەم شانۆیە بۆ ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە شاری مەهاباد پێشان دراوە و دواتریش لە شارەکانی شنۆ و بوکان و شارەکانی تریش نمایش کراوە و تەنانەت بلیت بۆ ژنان و دانیشتووانی گوندەکان بەخۆڕایی بووە. غەنی بلوریان ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، "کاتێک ئەو شانۆییە نمایش کراوە، بنەماڵەی لاوانی بەشدار لە شانۆگەرییەکە دژی بەشداریکردنی کوڕەکانیان بوون، تەنانەت باوکی من تا خودا حەز بکات داب و نەریتی بنەماڵەکەمانی دەپاراست و کە توڕە دەبوو پیاو لێی دەترسا، هەر بۆیە کاتێک چوومە لای دیتم دەموچاوی تێک نابوو و ڕووی گرژ کردبوو و گوتی: دەڵێن خەریکە ئەدای شەکرۆکان دەردێنی؟"(بلوریان، ١٩٩٧، ٤١).

بەڕوونی دەکرێ بگوترێ، بەدواداچوون بۆ داخوازییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری ژنان لەبنیادنانی کایەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری تایبەتمەندی بەرچاوی دوای ئەم قۆناغە مێژوویە بووون. چونکە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کاریگەریی چەندین پێشهات بووە هۆی هەبوونی مێژوویەکی تایبەت لە بواری بەشداریی ژنان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بارودۆخی نوێ بۆ چالاکییەکانی ژنان لەکایەی گشتیدا کردبۆوە و ئەم بارودۆخە لە کوردستان سەرەرایی لیکچوونەکانی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا، لەگەڵ پرۆسەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی سەرتاسەری وڵاتیشدا جیاوازی هەبووە (محەممەدی و دیگران، ١٤٠٠، ٣٨١).

ئەوەی جێگای بایەخە، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٥ لە شاری مهاباد کە لەسەر داروپەردوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) دامەزرا(بازیار، ٢٠٢٠، ٨٦، ٨٧)، دامەزراندنی ژێکاف، نوختە گۆڕانێگ بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد وسەرەتایەک بوو لەپێکهاتنی ڕێکخراو حیزبی سیاسی پێشکەوتوو و مۆدێرندا، چونکە پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی ئەوتۆو پێشکەوتووو بە بەرنامەیەکی ڕوونەوە پێک نەهاتبوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوەش حیزبی دێموکرات توانی پشتیوانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم حیزبە ڕێکخستنی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و کۆکردنەوەیان لەژێر ئاڵای خۆی و بەتایبەت لە ژێر بەرنامەیەکی تۆکمەو ڕوونی سیاسیی دا بوو(قاسملوو، ٢٠٢٠، ٣١، ٣٢).

دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەهۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بوو (بازیار، ٢٠٢٠، ٩٣). دوای ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک هۆز، عەشیرەتەکان، خەڵکی بازرگان، جوتیار و کاسبکاران کۆماری کوردستان لە

مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتە کایەوە(حوسێن، ٢٠٠٨، ٢٧؛ شەمزینی، ٢٠٠٦، ٣١٧) پێشەوا قازی محەممەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکی کۆماری کوردستان و لەو کۆبوونەوە گەورەیەدا پێشەوا قازی محەممەد کار و بەرنامەی دواڕۆژی کۆماری ڕاگەیاندوە، و لەبنەڕەتدا هەموو ئەو بەرنامەیە، پێشتر حیزبی دێموکراتی کوردستان دایناوو (قاسملوو، ١٩٩١، ٦٨).

هاوکات لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکان و دەستکەوتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان هاتنی ژنان بۆ نێو ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بونیادنانی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن بوو، چونکە ژنانی کورد بۆ یەکەم جار و بەفەرمی و بەئاشکرا هاتنە نێو مەیدانی خەبات و بۆ ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی ژنانیش پێشەوا قازی محەممەد ژن و کچی خۆی هان دا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن و ببن بە پێشەنگی ژنانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (قاسملوو، ٢٠٠٢، ٦٥؛ بازیار، ٢٠٢٠، ٩٥).

لەگەڵ ئەوەی ژنانی کورد لەو سەردەمەدا لەگەڵ داب و نەریت و کولتوورەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەوڕوو بوون، بەڵام دەستپێکی یەکەمین خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاڵی وەچەرخان لە بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دادەنرێت کە توانییان بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان لەژێر ناوی (یەکیەتیی ژنانی کوردستان)، یان (یەکیەتیی یایانی کوردستان) بە ڕێبەرایەتیی (مینا خانم ١٩٠٨ - ١٩٩٨) هاوسەری پێشەوا قازی محەممەد لە (٢٥ی ڕەشەممەی ١٣٢٤دا) دابمەزرێنن (گەوهەری، ٢٠١٧، ٢٠٩).

**کوبرا عەزیمی (٤) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ:** "دوای دامەزراندنی یەکیەتیی یایانی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بڕیار درابوو هەر گەڕەکەی سەرۆکی خۆی هەبێت و لە یەکەم کۆبوونەوەشدا پرسیاری ئەوە کرا کە ژنە دەستڕۆیشتووی گەڕەکەکان کێن؟ دوای ئەوەی دیاری کران، لەلایەن مینا خانم وەک سەرۆکی گەڕەک دیاری کران و ئەرکیان ئاگادارکردنەوەی ژنەکانی گەڕەکی خۆیان لە کۆبوونەوە جێژنەکان بوو، تەنانەت زۆرجار سەرۆک گەڕەکەکان هەڕەشەیان دەکرد هەر کەسێک نەیەت بۆ کۆبوونەوە غەرامە دەکرێت. هەروەها بێجگە لە مامۆستاکان و سەرۆک گەڕەکەکان، کۆمەڵێک ژنی دیکەش بوونە ئەندام کە بەشێکیان لە خۆشەویستیی خاک و نیشتیمان دەبوونە ئەندام، بەشێکی دیکەیان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە هان دەدران تا جێگایەک لە کۆماری کوردستاندا بۆخۆیان مسۆگەر بکەن" (عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٣، ٩٤).

ئەوەی لە نووسراوەکاندا دەردەکەوێ تەنانەت ژنانی دیکەش هاتونەتە نێو ئەو ڕێکخراوەیە. بۆ نموونە، هاوسەری مستەفا خۆشناو (١٩١٢- ١٩٤٧) و دوو کچەکەشی چوون بۆ کۆبوونەوەکان. ئەوکات ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی

کوردستایش وەک ئەندام کاریان کردوە و مانگانەی ئەندامەتییان لە تمەنێک تا (دە) تمەن بووە (گەوهەری، ٢٠١٧، ٢٠٩؛ عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٤) چونکە ئەندامان بە بەخشینی دارایی و کۆکردنەوەی پارە لە ژنانی غەیرە ئەندامیشەوە هاوکار بوون و تەنانەت خودی قازی محەممەد بە(مینا خانمی) گوتوە: شاژنی فەرەنسا ئەڵقەی هاوسەرەکەی پێشکەشی گەلی فەرەنسا کردوە، ئەی ئێوە بۆ پەیڕەویی هەمان شت ناکەن، من دڵنیام ئەمە هانی ژنانی تر دەدات بۆ ئەوەی لە ڕووی داراییەوە هاوکاریی کۆماری کوردستان بکەن (موجاب، ٢٠٠١، ٣٥). بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر گەڕەکێک کە بەرپرسێکی ژن لەو گەڕەگەدا بووە، هەوڵی کۆکردنەوەی مانگانەی ئەندامەکانی داوە،

**بەپێی ئاماریک لە (دە) گەڕەگی شاری مهاباد بەم شێوەیە ئابوونەی ئەندامەتی کۆکراوەتەوە:**

| ناوی بەرپرسی گەڕەک | ناوی گەڕەک | بڕی ئابوونەی کۆکراوە بە ڕیاڵ |
|---|---|---|
| ١- کولسووم سوڵتانیان | هەرمەنیان | ١٣٠٥٠ |
| ٢- خورشید شاتری | بازاڕ | ٢٨٢٥ ڕیاڵ |
| ٣- خەدیجە قازی | چۆمێ | ٢٢٧٥ ڕیاڵ |
| ٤- سەید ئایشە شاتری | حاجی حەسەن | ٨٢٢٥ ڕیاڵ |
| ٥- سەدیقە والیزادە | خرێ | ٩٣٦٥ |
| ٦- زیبا خانم | قوڵەقەبران | ٢٣٠٥ ڕیاڵ |
| ٧-. ئامینە داودی | قیبلە | ٢١٠٠ ڕیاڵ |
| ٨- زارای مەولەوی | ڕزگەیان | ٢٠٠٠ ڕیاڵ |
| ٩- پیرۆز موشیری | مزگەوتی جومعە | ١٢٠٠ ڕیاڵ |
| ١٠- ماوزەری بلەزادە | یەهودیان | ٩٥٠ ڕیاڵ |

**کۆی گشتی: ٤٤٢٩٠ ڕیاڵ**

لەگەڵ ئەوەشدا بەگشتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهاباد بە تایبەتی لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵیان نەبوو، بەڵام لە بواری ئابوورییەوە بەهۆی چاککردنی خوری و ڕستنی بەرماڵ و جاجمیان لەلای جۆڵا بە کردن دەدا و گۆرەوەی و کڵاو کەلوپەلی تریان چنیوە و فرۆشتویانە و دواتر داهاتەکەیان بە یەکیەتیی یایان داوە و جاروباریش گۆرەوەی، دەستەوانە، زەنگاڵ و سەرکڵاویان چنیوەو بۆ پێشمەرگەیان کۆکردۆتەوە (عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٦).

جێگای وەبیرهێنانەوەیە، بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوی یایانی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەمجار لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا بووە ودواتریش خانوویەکیان بەکرێ گرتوە تاوەکوو کاروباری ئەو ڕێکخراوەیی تێدا ئەنجام بدەن. دیارە ئەم ڕێکخراوە ئاگادارییەکی بۆ ژنانی خوێندەوار ڕاگەیاندوە تا داواکاریی پێشکەش بکەن بە مەبەستی کارکردن لەچەند پۆستێکی ڕێکخراوی ژنان وەک (ژمێریاری، خەزنەداری، سکرتێرو نووسەر). ئامانجی سەرەکی جۆشدانی ژنانی گەورەساڵان و پشتگیریکردنی کۆماری کوردستان بووە و چالاکیەکانیان لە چوارچێوەی بە ئاگاهێناوەی ژنان لە چەندین مەسەلەی وەک (خەتەنەکردن و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بە گەورە بە بچوکی و شیربایی و هتد...) بووە، چونکە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەم وای بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندبوو لە بچووکترین کێشە کۆمەڵایەتییەکان ژنان و کچان دەبوونە قوربانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

بێجگە لەوەش ئەرکی دیکەیان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی داهات و یارمەتیدانی سوپای نیشتمانی لە چنینی جلوبەرگ وگۆرەوی و کڵاو بۆ پێشمەرگە و بەشداریکردن لە خۆپێشاندانەکان و نوسین بۆ ڕۆژنامەی کوردستان. بۆیە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان وێنەی دەوڵەتێکی مۆدێرنی بە کۆماری کوردستان دابوو، کە بایەخی بە بووژانەوەوپێشکەوتنی ژنانی کوردستان دەدا (باڵەکی ، ٢٠١٦، ٣٤؛ موجاب، ٢٠٠١، ٣٢).

❊❊❊

١- ئەوەی جێگای سەرنجە هەرچەندە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی بە سەردەمی کرانەوە و گەشەکردنی بارودۆخی ژنان دادەنرێت، بەڵام تاجولملوک لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە چاکسازییەکانی ڕەزاشا ڕووکەشی بوون و ژنان تێکەڵی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەدەبوون. ئەمن شاژنی وڵات بووم و وەک هەموو ژنەکانی تری وڵات لە ماڵەوە بووم و بەشداریی هیچ کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنەیەکمان نەکردوە و جیاوازیمان لەگەڵ ژنانی تری وڵات نەبووە، بەجۆرێک تەنیا لە چوار تا پێنج بۆنەی وەک زەماوەندی منداڵەکانم، لادانی سەرپۆشی ژنان لە ساڵی ١٩٣٨ و هاتنی هاوسەری باڵیۆزخانە بیانییەکان بەشداریم کردووە (خسروداد و ئەوانی تر، ٢٠١٣، ٥٧، ٥٨).

٢- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٢ دوای ئەوەی نوێنەرانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە شاری مەهاباد کۆ بوونەوە و یازدە نوێنەری هەردولا بەشدار بوون، لەو کۆبوونەوەیە یەکێک لە ئەرکەکانیان دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) بوو، عەبدولڕەحمان زەبیحییش بە سکرتێری کۆمەڵە دیاری کرا (شەمزینی، ٢٠٠٦، ٣١٧).

٣- **غەنی بلووریان دەڵێ:** هێشتا نەمزانی کێ دەقی شانۆیەکەی نوسیبوو، تەنانەت مەناف کەریمی کە یەکێک بوو لە



سەرچاوە
Serchawe

دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، دەیگووت هێشتا نازانم نووسەری ئەو شانۆیە کێیە؟ ئەوەی دەگوترێ ئەو شانۆیە لە بیرۆکەی پێنج کۆپلە شێعری شاعیری بەناوبانگی کورد عبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە هەژار سەرچاوەی وەرگرتبوو (بلوریان، ١٩٩٧، ٣٥).

٤- **کوبرا عەزیمی** یەکێک لەو ژنە چالاکانە بووە، وەک مامۆستا لە خوێندنگای پەروانەی کچان مامۆستا بووە و وەک ئەندام لە یەکیەتیی یایانی کوردستان کاری کردوە، لە هەمان کاتدا لە کۆڕ و کۆبوونەکانی تایبەت بە کۆماری کوردستاندا بەشدار بووە و تەنانەت ئاڵای کوردستانی سەردەمی کۆماری کوردستان بە دەستی ناوبراو گوڵدۆزی کراوە. هەر لەو ڕۆژەشدا لەگەڵ دوو مامۆستای دیکەی ژن بە ناوەکانی خەجیج خانمی مەجیدی و وێڵمی سەیدیان هەڵبژێردراون و وتاریان هەبووە. هەروەها لە ڕۆژنامەی "کوردستان" چەندین وتار و بابەتی نووسیوە، ناوبراو ساڵی ٢٠٢٠ لەسوید/ستۆکهۆڵم کۆچی دوایی کردوە.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥

---

## ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥ - ١٩٩٠) (دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی کوردستان)



چەند ڕۆژ دوای دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی کوردستان، ژنان یەکەمین کۆنفڕانسی خۆیان لە خانەی فەرهەنگی کوردستان لە مەهاباد پێکهێناوە. لەو کۆنفرانسەدا مینا خانمی قازی ئەرکی سەرۆکایەتیی کۆمیتەی ژنانی لەئەستۆ بوو، لەگەڵ (خانم گەوهەر تاجی سەدری قازی، ویلما سەیادیان، فەریدەی زەندی، ساحیبەی یاهوو، شاسوڵتان فەتاحی قازی، خەدیجە حیدەری و عیفەت قازیی کچی پێشەوا قازی محەممەد) وتاریان خوێندۆتەوە و بەتێکڕا لە وتارەکانیاندا هانی دایک و باوکانیان داوە تا منداڵەکانیان بنێرن بۆ خوێندنگە و هەوڵ بدەن نەخوێندەواری لە کوردستاندا بنبڕ بکەن. هەروەک لە وتارەکەی حەفیفەخان قازی و عیسمەت خانی کچی پێشەوادا هاتوە:"خانمەکان! گەورە مەسەلەیەکی مەشهوورە شێر چ نێر چ مێ، کورد خۆ بە شەهادەتی هەموو دونیایە لە هەموو کەس ئازاترە، ئەدی چۆن دەبێ بەخسووس دە دونیای ئەمڕۆدا کە لە هەموو دەوڵەتێکی پیاو و ژن پێکەوە کاری وڵاتی خۆیان ئیدارە دەکەن، بۆ ئیدارەی وڵاتیش خوێندن و نووسین لازمە، بەڵکوو لەگەڵ کابانی و خانەداری و منداڵ بەخێوکردنیش هەرچی عیلم و سەواد زیاتر بێ لەگەڵ قومقومەی سیری و لایی لایی لانکێ خۆشەویستی و نیشتمانپەرەستیی میللی فێری منداڵ بکرێ قەت لە بیری ناکا، میللەتێکی ئەو نەوعە دایکانەی هەبێ ڕۆژ بە ڕۆژ سەرکەوتوو دەبێ دە جا وەرن بۆخۆتان و منداڵان بخوێنن و وڵاتی خۆمان بە عیلم و سەنعەتی برازێنینەوە.

**خانمان و خۆشکانی خۆشەویست!** تەماشای شاری مۆسکۆ بکەن، بیبینن لە سایەی عیلم و فەرهەنگ چی لێ هاتووە، تەماشای ئەو کتێبخانە و بینا و ساختمان و مۆزەخانە و سینەما و خوێندنگەیانە بکەن هەموو ئەوانە لە سایەی خوێندندا دروست بوون، چی دەبێ ئێمەش بخوێنین و لە سایەی عیلم و زانستەوە مۆڵکی خۆمان سەربەرز بکەین. ئێمەی ژنان دەبوو ئاهەنگی زیاتر بگێڕین بۆ ئازادیمان تا هەموو جیهان بزانێ ژنی کورد زیاتر لە پیاوان ئازادیی خۆش دەوێ"(گەوهەری، ٢٠١٧، ٢١١؛ موجاب ،٢٠٠١،٢٨).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، خاتوو (ویلما سەیدیانی)لە وتارێکدا وتوویەتی:"پێویستە ژنان خوێندەوار بن و یارمەتیدەری گەورەی پیاوان بن و نابێ ئێمە هەمیشە چاوەڕێی هاوسەرەکانمان بین پارە و جلوبەرگ و زێڕمان بدەنێ. خانمە بەڕێزەکان منداڵەکانتان بەدبەخت مەکەن و لە چوارچێوەی ماڵدا مەیانهێڵنەوە، بیانێرن بۆ خوێندنگەکان تا بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان بکەن بۆ ئەوەی ژنی کورد هاوشێوەی ژنە شارستانییەکان لە دەرەوە کار بکەن"(موجاب، ٢٠٠١،٢٧)

.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوەیە بەهۆی چاکسازییە ڕووکەشەکانی بنەماڵەی شاهەنشاهی و پەرەدان بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەگشتی گرنگی ئەوتۆ بە کردنەوەی خوێندنگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدرابوو، هەربۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری بەگشتی کەم بووە (گەوهەری، ٢٠١٧،٢١٢)، دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان و لە دوای پێکهێنانی

کابینەی ئەم کۆمارە کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات لە مانگی تشرینی دووهەمی ساڵی ١٩٤٦بڵاو کراوەتەوە، دوای ئاهەنگێڕان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٢ی کانوونی دووهەمی ١٩٤٦، ٢٣ کەس لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان وتاریان بۆ جەماوەری کوردستان داوە، (دوو) لەو کەسانە دوو مامۆستای ژن بوون، لە وتارەکانیاندا سەرەڕای ڕەخنەکانیان ئاماژەیان بۆ خوێندەواریی ژنان و هەوڵدان بۆ پێشکەوتنەکانی ژنان کردوە، هەروەک خەدیجەی مەجیدی، کە مامۆستای خوێندنگای پەروانەی کچانی مەهاباد بووە، لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە و وتوویەتی:"خۆشکە بەڕێزەکان ئێستا با تەماشای برا ئازیزەکانمان بکەین و دەست بخەینە ناو دەستی یەکتری، چونکە من وای دەبینم، نیشتمانی دایک چاوەڕوانی کچەکانیەتی دەست بە کار بن و دەست بە خوێندن و فێربوون بکەن. جیهانی ئەمڕۆ پێویستیی بە کچان و کوڕانە دەست لەناو دەستی یەکتر کار بۆ ڕزگاریی نیشتیمان بکەن" (ڕۆژنامەی کوردستان، ١١ی فێوریيە ١٩٤٦، ١). هەروەها کوبرا عەزیمی لە وتارەکەیدا هانی کچان و بنەماڵەکانیانی داوە لەپێناو ڕۆشنبیرکردنیان هەوڵ بدەن و لە هەمانکاتدا ڕەخنەی لە خەڵکی مەهاباد گرتووە، چونکە وتوویانە "کچەکانمان نانێرین بۆ خوێندنگا و بەو هۆیەوە ڕەوشتی تێک دەچێت و تەنانەت کە ئێمە دەبینن بە بێزەوە سەیرمان دەکەن و، دەڵێن ئەوانە مامۆستان! ئێوە سەیری کتێبە بیانییەکان بکەن، بۆ ئێمە وەک ئەوان مرۆڤ نین؟ بۆچی لە شارێکی وەک مەهاباد ئێمە ژنێکمان نیە نەشتەرگەر یان ددانساز بێ، بۆیە کچەکانتان بنێرن بۆ خوێندنگە "(موجاب، ٢٩،٢٠٠١)

هەر بۆ ئەم مەبەستەش، لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا وەک ئاگادارییەک بڵاو بۆتەوە و ئاماژەی بۆ کراوە، بەتەواوی خەڵکی شاری مەهاباد ڕادەگەیەنرێت لەسەر ئەمری پێشەوا قازی محەممەد و قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوە بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و ڕەواجی زمانی کوردی و لەو تاریخە بەولاوە تا ١٠ڕۆژی دیکە هەر کەسێک کچ و کوڕی هەبێ و تەمەنی گەیشتبێتە خوێندن دەبێ بنێردرێتە خوێندنگا و هەرکەس لەو ئەمرە ڕووی وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەمبێ دەکرێ". (کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/ مەعاونی حیزب تەهازادە)، (ڕۆژنامەی کوردستان، ١١ی ژانویەی ٤،١٩٤٦)

**لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە،** لە ڕوویی سیاسیی و قانوونییەوە حیزبی دێموکرات بێجگە لەوەی گرنگیی داوە بە خوێندن بە زمانی کوردی، لە هەمانکاتدا دایک و باوکانی ئەرکدار کردوە لەپێناو خوێندنی کچ و کوڕەکانیان و کردنەوەی دەروازەیەکی نوێ بە ڕووی کچانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە هەتا ئەوکات بەهۆی کولتوور و داب و نەریتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا کچان بەو ڕێژەیەی پێویست بووە دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە (باڵەکی، ٣٢،٢٠١٦). هەروەک دەبینرێ و جێگای سەرنجە، جگە لە ژنان، خودی سەرۆککۆماریش بەتەنگ ڕەخساندن و پێشخستنی خوێندنی کچان و ژنان بووە و بۆ نموونە: لە شاری شنۆ یەکەم خوێندنگەی کچانی کردۆتەوە و تەنانەت حەسەنی کازمی بەڕێوەبەری خوێندنگە لە

وتارێکدا، کە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو کراوەتەوە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، پێویستە سپاسی سەرۆککۆمار بکرێت، بۆ ئەو خزمەتگوزارییە و بە گرنگی و بایەخەوە بڕواننە ئەو هەنگاوە و کچەکانیان بنێرین بۆ خوێندنگە، چونکە کوردستانێکی ئازاد پێویستیی بە ژنانی خوێندەوارە و ئازادی و خوێندن لە یەکتری جودا نین و بەرزترین دەسکەوت ئەوەیە کە وەک پیاوان بن و ژنی نەخوێندەوار بارە بەسەر نەتەوە و نیشتمانەکەیدا، بۆیە دەبێ بخوێنن (موجاب،٢٠٠١،٣٤،٣٣).

هەر لەو بارەوە کوبرا عەزیمی لە بیرەوەرییەکانیدا وتوویەتی:"ئەوەدەم قوتابیی کچ زۆر نەبوون، ژنی خوێندەواریش هەر زۆر کەم بوون، ژنەکان ئەوسا هەر خەریکی کاری ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ بوون و جاروباریش بۆ بانگهێشتی باخ یان سەرەخۆشی و شایی دەهاتنە دەرەوە، دەنا نە دەچوونە دەرەوە، نە بەشدارییان لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا دەکرد؛ ئەوەی چالاکیی سیاسییش بێ هەر هیچ. بەو زانیارییانەوە دەتوانم بڵێم ئەو چالاکییانەی ژنان کە لە یەکیەتیی "یایان" هەیانبوو بۆ سەردەمی خۆی هەنگاوێکی گەورە بوو، ئەگەر کۆماری کوردستان شکستی نەهێنابا، پێدەچوو یەکیەتیی "یایان" یارمەتیی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و زانیاری ژنان بایە" (عەزیمی، ٢٠٢٤، ٩٦ ). لێرەدا دەکرێت ئەوە بۆ ژنانی نیشتەجێ لە نێوشارەکاندا دروست بێ، بەڵام بۆ ژنانی دێهاتەکان دەکرێ جیاوازتر لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە ژنانی دێهاتەکان لەگەڵ ئەوەی ئاستی خوێندەوارییان نەبووە، یان کەم بووە، بەڵام ئازادییەکی زیاتریان هەبووە و بەردەوام لە ئەرک و کاری دەرەوە هاوکاری بنەماڵەکانیان بوون.

هەرچەندە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان دامەزراوە و بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاوشێوەی نێو کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی ژنان بوونە خاوەن ڕێکخراوێکی تایبەت بە خۆیان و هەوڵی بەئاگاهێنانەوەی ژنان و کچانی نێو کۆمەڵگەی کوردییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و پەرەیان بە کاری ڕێکخراوەیی و کردنەوەی خوێندنگای تایبەت بەکچان و چوونە سەری زانست و زانیاریی ژنان و کچان داوە، کە وەک دەستکەوتێکی ئەو کۆمارە بە ئەژمار هاتوە و ژنانیش هاتوونەتە مەیدان، ئەگەر نا هیچ کارێک سەبارەت بە بەشداری ژنان لە پرسە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و مافی دەنگدانی ژنان لە کابینەی یەکەمی کۆماری کوردستان و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی یەکەم (١٩٤٥) و دواتریش تا کۆنگرەی چوارەم (١٩٨٠) نەهاتۆتە بەرباس. هەروەها بەگوێرەی نووسراوەکان و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت خودی پێشەوا قازی محەممەد لە وەڵامی چەند ڕۆژنامەنووسێکدا، پرسیاریان لێ کردوە کە لە حکوومەتی سەربەخۆی ئازەربایجانی دراوسێدا، بۆ یەکەم جار لە ئێراندا ژنان مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت، لە کۆمارە کوردییەکەدا هەرچەندە دەنگدان وەک مەسەلەیەک نەخراوەتە بەرباس، بەڵام سەرۆک هاوسۆز بووە لەگەڵ دەنگدانی گشتیدا و لەو چاوپێکەوتنەدا پرسیاری لێ کراوە کە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی بەخشیوە بە ژنان لە هەڵبژاردندا، ئایا تۆش هەمان شتت کردوە؟ وەڵامەکەی ئەوە بووە، کە هەرچەندە من ئەو کارەی ئازەربایجان بە ئەرێنی دادەنێم، بەڵام پێتان ڕادەگەیەنم کە من نەمتوانیوە ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێنم

(موجاب، ٢٠٠١،٤٠؛ بوورزوویی، ٢٠٠٥،٤١٤).

**بۆیە دەتوانرێ بگوترێ** ئەگەرچی دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژنان ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان دانا بۆ پرسەکانی خوێندن و خوێندەواری و زیاتر هۆشیارکردنەوەی ژنان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان، بەڵام ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو قۆناغەدا نەچۆتە چوارچێوەی کایەی کاری سیاسیی و بەشدارییان لەگەڵ پیاوان لەنێو سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات و تەنانەت لە کابینەی وەزارەتی کۆماری کوردستانیشدا.

**هەر چۆنێک بێ،** لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، تاکوو دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) لە سەرچاوەکاندا ئاماژە بە ناوی هیچ ڕێکخراو و بڵاوکراوەی تازە دامەزراوی تایبەت بە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەکراوە. بێگومان لە دوای ئەم قۆناغەش دەرکەوتنی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار و دەرهاویشتە و گۆڕانکاریی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی کە لەسەر پرسی ژنان و بارودۆخی سیاسیی نەتەوەی کورد هاتبوونە کایەوە. هەر بۆیە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی دواتردا ڕەهەندەکانی خەباتیان بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە بواری جیاوازتر دەست پێ کردوە.

٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥


سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (۱۹٤٥ - ۱۹۹۰) (ڕۆڵ و

## بەشداریی ژنان لە قۆناغی ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی)






- کوێستان نستانی

- د. هۆشمەند عەلی

ڕووخانی کۆماری کوردستان شوێنەواری قووڵی سایکۆلۆژی لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی

کوردستان داناوە و، ئەم کاریگەرییەش بەڕوونی کاریگەریی لەسەر ژنانی کورد وەک چینێکی نێو کۆمەڵگەی کوردستان دانا، چونکە هەروەک لە پێشووتردا باسمان کردوە تا دوای ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات، ژنانیش هیچ چەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکیان بە شێوەی ئاشکرا نەبووە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، لە ساڵانی ١٩٤٩ - ١٩٥٣ کاتێک چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبووژێتەوە و ڕێکخستنەکانی بەرفراوان دەبێ، بە بەشداریی چەند لاوێک وەک (غەنی بلووریان، عەزیز یوسفی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، عەبدوڵڵا ئەیوبییان و ڕەحیم سوڵتانی و... هتد) ئەم لاوانە لە ناوچەی سێتەک لە باشووری کوردستان گۆڤارێکیان بەناوی (ڕێگا) لەگەڵ چەند بەیاننامەیەک بڵاو دەکەنەوە و لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی نێوخۆیی بەنهێنی دەیگەیەننە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵک بەرەو تێکۆشان هان دەدەن (باوەڕ، ٢٠٢٣، ٥٧؛ مەحموود و ئەوانی تر، ٢٠١٥،٢٠٧).

بەم شێوەیە دوای ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥، لە کێوی قەڵاتە ڕەشی گوندی سەیدئاوای بابی گەورە لە ناوچەی پیرانشار بە بەشداریی پازدە تا بیست کەس، حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم کۆنفراسی خۆی پێک دێنێت. لەو کۆنفڕاسەدا هەندێک بڕیاری گرنگ سەبارەت بە کار و ئەرک و چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدرێت. لەو کۆنفڕانسەدا بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی کاری تەشکیلاتی بڕیار دەدرێ تا دەکرێت کارەکان بەشێوەی نهێنی لە ڕێگەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بکرێت. (گادانی، ٢٠٠٨، ب ١، ١١١ - ١١٢).

لێرەدا دەکرێ بگوترێت، ژنانیش وەک ئەندام و لایەنگر بەشێک لەو چین و توێژانە بوون کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە و بۆ دەرخستنی زیاتری ڕۆڵی ژنان لەو ماوەیەدا و نموونەیەکی بەرچاوی ئەو قۆناغە مێژووییە (**هێلین خانم**) (١) بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە، لە ژیانی نهێنیی خەباتی خۆیی لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملوو بە شێوازێک بووە، کە زۆرجار بە مەبەستی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بە خۆشاردنەوە لەژێر چارشێوێکی ژنانەدا هەوڵی هێنان و بردنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی داوە. ئەو هەر لە درێژەی بیرەوەرییەکانیدا وتویەتی:"کە لە نێوخۆی تاراندا بڵاوکراوەکانم دەگەیاندە کەسانێک کە ئەوانیش لە تاران بەنهێنی دەژیان و خەریکی کاری سیاسی بوون و بێجگە لەو ئەرکەش هەندێک جار پەیام و نامەم هێناوە و بردوە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار کاری چاودێری و پاسەوانیشم ئەنجام داوە" (قاسملوو، ٢٠١٤، ١١٥ ، ١١٦).

بەگوێرەی زانیارییەکان و چاوپێکەوتنەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە، ژنان بە هێنان و بردنی نامە لە نێوان ڕێکخستنەکان و

پێشمەرگەدا، تەنانەت جاری وا هەبووە گواستنەوەی چەکیشی گرتۆتەوە لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی پێشمەرگە لە کاتی (بۆسەدانانەوە) لەنێو گوندەکان و هاتنی هێزەکانی ڕێژیم و چەندین هەواڵی دیکەی پەیوەندیدار بە پێشمەرگە، یەکێک لە ئەرکەکانی ژنان لە نێوخۆی وڵاتدا بووە کاریان کردوە (فتووحی، ٢٠١٣، ١٢).

**هەروەک عیسمەت نستانی**(٢) **دەڵێ**: "بێگومان شاهیدی زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو سەردەم بووم و ژنان لە ناو کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێراندا بەردەوام دژ بە ڕێژیمی شاهەنشاهی لە تێکۆشاندا بوون و خەباتیان بە شێوەیەکی نهێنی ئەنجام داوە، زۆرجار لە شەقامەکانی نێوشاردا بە دەنگی بەرز گوتوویانە (مرگ بر شاه) واتە مردن بۆ شاه و تەنانەت ژمارەیەکی زۆر لە ژنان و کچان بۆ پشتیوانیکردن لە هاوسەر و باوک و براکانیان بەشدارییان لە شۆڕش کردوە و لە ڕووی دارایی و کاری ڕێکخستنەوە هاوکار بوون"(نستانی، کۆیە،٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤).

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، کاری سیاسیی و ڕێکخراوەیی لەسەر دەستی ژمارەیەک لاوی خاوەن هەست و ئازادیخوازی کورد ژیایەوە کە زۆربەیان خاوەن ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتیی کاری ڕێکخراوەیی و ڕاپەڕاندنی چالاکیی نهێنی و لە سەرەتادا جیا لە یەک و بە چەند ناوی جیاوازەوە کەوتنە چالاکی و هاندانی خەڵک دژی ڕێژیم (سەردەشتی، ٢٠١١، ٣٨٥).

لە نێوان ساڵانی (١٩٥٦ - ١٩٧٨) لەگەڵ ئەوەی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی تا ڕادەیەک ژیاوەتەوە و لەگەڵ هاتنە پێشی چەند ڕووداوێکی سیاسیی چەکداری لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، لە نموونەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٩٥٣و جووڵانەوەی چەکداریی (١٩٦٧ - ١٩٦٨)ی بەشێک لە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەبینن هیچ ئاماژەیەک و زانیارییەک بەردەست نیە، تا ئاماژە بە ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو ڕووداوانە بکات.

لە سەروبەندی سەرهەڵدان و خۆپێشاندان و ڕووداوەکانی نێوەڕاستی ساڵی ١٩٧٨و سەرەتای ١٩٧٩، لەو قۆناغەدا، کە یەکەم ڕاپەڕینی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ١٥ - ٦ - ١٩٧٨ لە شاری مەهاباد دەستی پێ کردوە، بەتایبەتی کاتێک لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی عەزیز یووسفی، کە لە کەرنەڤاڵێکی نەتەوەییدا ناشترا و دروشمی نەتەوەیی لە چوارچێوەی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وتراوەتەوە و، بەم شێوەیە دوای خۆپێشاندانەکانی شاری مەهاباد لە زۆربەی شارەکانی دیکە وەک ورمێ، بانە، سنە، نەغەدە، پاوە، سەردەشت، مەریوان و... هتد خۆپێشاندان سەریان هەڵداوە و، لەو خۆپێشاندانانە ژنانیش هاوشان لەگەڵ چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار ببوون لە خۆپێشاندانەکان و دروشمی نەتەوەیی و نیشتمانییان وتۆتەوە (مەحموود، ٢٠١٢، ٤٧ - ٤٩).



سەرچاوە
Serchawe

بەم شێوەیە دوای ئەم قۆناغە و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی گەشانەوە و پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی بوو، چۆن زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست کوردەکانەوە بوو، بەڵام کاتێک کۆماری ئیسلامی ئێران و خومەینی بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی شەڕخوازانەی وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش دوای ئەوەی لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩خومەینی فەرمانی جیهادی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان ڕاگەیاند، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستان کەوتەوە دەست سپای ئێران و بەم شێوەیە شەڕ بە سەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا سەپاوە (مەحموود، ٢٠١٢، ٥٩ - ٦٠).

لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، حیزبی دێموکرات بە جۆرێک بۆ ماوەی سێ مانگ ڕووبەڕووی شەڕێکی نەخوازراو بۆوە، لەم قۆناغەشدا حیزبی دێموکرات لە ڕووی کاری (سیاسیی و کۆمەڵایەتی) هەوڵی دا کارنامەی کاریی خۆی بە شێوەیەک دابڕێژێت کە ئەندامان و لایەنگرانی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریکردن لە خۆپێشاندان لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تاران و ورمێ لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بە دامەزراندنەوە و بەهێزکردنی ڕێکخراوە پیشەییەکان و هاندانی ژنان و کچان بۆ بەشداریکردن لە تێکۆشانی حیزبی و زۆربەی بۆنە و ئەرکە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێوەبردنی چەندین میتینگ و کۆبوونەوەی جەماوەری و بڵاوکردنەوەی تراکت هاوکار بن و کار بکەن (گادانی، ٢٠٠٨، ب ١، ٢٣٨ - ٢٤٠).

لەو چوارچێوەیەدا، ئەزموونی دووەمی هاتنی ژنان بۆ گۆڕەپانی گشتیی و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوی ژنان، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی یەکەمی شۆڕشی ١٩٧٩ و دوای شۆڕش، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک ژنانی خوێندەواریش بێنە گۆڕەپانەکە و بەشداریی خۆپێشاندان و کۆبوونەوەکان بکەن و بێگومان پاشخانی سیاسی بنەماڵە لەو کاتەدا کاریگەریی گەورەی هەبووە لەسەر بەشداریی ژنان لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، تەنانەت بنەماڵەکان لە چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا ئازادییەکی زۆریان بە کچان و ژنانی نێو بنەماڵەکەیان بەخشیبوو و، ژنانی چالاکی کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی سەر بەو بنەماڵانە بوون کە پێشتر لە ڕووی فکرییەوە بە گوتاری ناسیۆنالیستی ئاشنا ببوون (محەممەدی و دیگران، ١٤٠٠، ٣٨٤،٣٩١).

هەربۆیە لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێراندا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شارە جیاوازەکانی وەک (مەهاباد، شنۆ، سەردەشت) بە هاوکاریی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کورستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوەتەوە و ژمارەیەک لە ژنانی خوێندەواریش هاتوونە نێو ئەو ڕێکخراوەیە و ئەرکیان وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک و بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و... هتد) بووە و، هەر کەسێک

ئەو کارانەشی بکردایە لە لایەن حیزبەوە سزا دەدرا، واتە ئەمەش بە هاوکاری و بەرنامەی حیزبی دێموکرات بووە، ئەم هەڵوێستەش لە لایەن ژنانەوە پێشوازیی باشی لێ کراوە (ستار، ٢٠١٩، ٨٧).

**هەروەک عیسمەت نستانی دەڵێ:** "دیارە بەهۆی کولتوور و داب و نەریتی سوونەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا ئەوکات کارکردن لەهەر یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کاریان تێدا کردوە و بە تایبەت لە ناو حیزبێکدا بۆ ژن نامۆ بووە، هەربۆیە کەمتر ژنان دەهاتنە مەیدان، زۆرینەی ئەو کچان و ژنانەی دەهاتن زۆربەیان کەسێکیان لەنێو حیزبدا بوو یان یاخوود بنەماڵەکەیان لەنێو حیزبدا بوون، بۆیە ڕێژەیەکی کەم لە کچان دەهاتن و ڕێژەی کچان کەم بوو، ئەوکات منیش لەگەڵ کۆمەڵێک لەو کچ و ژنانەی کارم لەگەڵ دەکردن وەک نەسرین و سۆهەیل حەداد کە باوکیان پێشمەرگە بوو. هەروەها (زیبا شیوەیی و مریەم ئیبراهیمزادە)ش دووی دیکە لەو کچانە بوون کە بەیەکەوە کارمان کردوە" نستانی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤).

**هەر لەو بارەوە خەدیجە لاهیجانی(٣) وتوویەتی:** "بەهۆی باوکم و برایەکمەوە ئاشنای کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم، باوکم وەک فەرماندەیەک لە دەستبەسەرداگرتنی ژاندەرمێریی پیرانشاردا بەشدار بووە، هەروەها سەرپەرشتیی زۆربەی خۆپێشاندانەکانی نێو شاری پیرانشار و ناوچەکانی دەوروبەری کردوە، تەنانەت بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی وەک بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک تراکت و نامە و بڵاوکراوەی حیزبی نێردرامە نێو شاری پیرانشار کە دوای ئەنجامدانی ئەرکەکانم بەهۆی بینینم بەهۆی جاشێک لەگەڵ خاڵم گیرام و بۆ ماوەی ٣٥ ڕۆژ دەستبەسەر کرام و بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژیش لە ژووری تاکەکەسی دانرام، بەهۆی تەشکیلاتی نێوخۆیی و بنەماڵەکەم و بەتایبەت بنەماڵەی شێخ سەید تەهای گەرگەسک کە هاوکاری باشمان بوون بە زەمانەت ئازاد کرام، دواتر لە ساڵی ١٩٨٢ بەنهێنی لە پیرانشار هاتمە دەرێ و هاتمە نێو شۆڕش و دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی لوقمان مێهفەر کە باوکم و کەس و کاریشم دەیانناسی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا و هاتمە نێو شۆڕش و لەو کاتەوە بەردەوامم" (شەریفی، ١٣٨٨، ٥٩ - ٦٠).

**یەکێکی دیکە لەو ژنانە خورشیدە ڕەسوڵی(٤) دەڵێ:** "پەیوەندیی من بە حیزبی دێموکرات بەئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٦. ئەوکات بۆ منێک وەک کچ زۆر زەحمەت بوو لە کۆمەڵگەیەکی سوننەتیدا، بەڵام پێش ئەوکاتە و لە سەرەتادا بە شێوەیەکی نهێنی بوو، واتە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کارم کردوە کە، زیاتر لە کاتی بۆنە و یادەکانی حیزبی دێموکرات وەک ٢٥ی گەلاوێژ یان ڕۆژ و یادی دیکە ئێمە ئەرکمان بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمەکانی حیزبی بوو لەنێو گوندەکانی خۆمان و دەوروبەر و جارجار بۆ نێو شاریش، ئەوکات لەگەڵ چەند کچێکی دیکە کە هەر ئی گوندەکەی خۆمان بوون وەک (مریەم ڕەحمانی، ئایشە ڕەحمانی، عەزیمە عوسمانی و فەوزیە پوورئازەر)

هاوکاریی یەکترمان دەکرد و ئەرکەکانمان بەڕێوە دەبردن. یان کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە بەنهێنی دەهاتنە گوندەکان لەهەر بارودۆخێکی نەخوازراو ئاگادارمان دەکردنەوە" (ڕەسووڵی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤).

هەروەها چەند ژنێکی دیکە کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماون و لەنێو حیزبی دێموکراتدا ماونەتەوە، لە میانەی گفتوگۆکانیاندا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا زیاتر ئەوە دەخەنە ڕوو،

**هەروەک خۆنچە فەیزوڵڵایی، خەڵکی بانە وتوویەتی:** "لە ساڵی ١٩٧٨ وەک هاوسەری پێشمەرگەیەک لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان چەندین جار بە بیانووی جیاواز پێداویستیی خواردن و جلوبەرگمان گەیاندۆتە پێشمەرگە و تەنانەت زۆرجار لە ئاوایییەکاندا پێشمەرگەکانمان لە کاتی دانانەوەی بۆسە لە لایەن ڕێژیم ئاگادار کردونەتەوە (شەریفی، ٢٠١٢، ٢٩).

**هەروەها یەکێکی دیکە لەو ژنانە خاتوو "عالیە"یە، خەڵکی گوندی شرکانە لە ناوچەی کرماشان، وتوویەتی:** "ڕاستە هاوسەری پێشمەرگەکان بەشێکیان ئەگەر چەکیشیان لە شان نەبووبێ، بەڵام سەختی و زەحمەتی زۆریان بینیوە و هاوکاری باش بوون لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەوە و گرنگە ئەوەش بگوترێت کە ژنانی بۆخۆیان پێشمەرگە بوون و چەکیان هەڵگرتوە و هاوسەردار بوون ئەرکیان زۆر قورستر بووە (شەریفی، ٢٠٠٩، ٤٤، ٤٥).

**هەروەها گوڵێ ئیبراهیمی(٥) لەو بارەوە دەڵێ:** "ئەوکات و ساڵانی دواتریش لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک هاتم بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، هاتن بۆ ڕەگەزی مێ یان من وەک کچێک زۆر سەخت بوو، بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵگەی ئەوکات تەنانەت بنەماڵەی خۆمان دژی ئەوە بوون کچان بێنە نێو ڕیزەکانی حیزب و ببن بە پێشمەرگە، بەڵام لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەک کە هەبووە بەنیسبەت ژنان و کچان هەر لە ڕەوتی خەباتدا بەشدار بووم لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانم، چۆن پێش ئەوە بە شێوەی ئاشکرا بێمە نێو حیزبی دێموکرات،

**پێشتر وەک ئەندامی حیزبی لە نێوخۆ کارم کردوە، بۆ نموونە:** کاتێک پێشمەرگە دەهاتنەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی پێداویستیی وەک جلوبەرگ یان خواردن و خۆراک یان ئاگادارکردنەوەیان لەهەر بارودۆخێکی نەخوازراو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوکاریم دەکردن و لە کاتی بۆنەکان و یادەکانی پەیوەست بە حیزبەوە بەشدار دەبووم و تەنانەت کاری ڕێکخستنیشم دەکرد و هەروەها بە دەستی خۆم و شەخسەن چەکم لە گوندەکەی خۆمان ڕا بۆ نێوشاری پیرانشار بردوە و، هەروەها بەهۆی تێکەڵاوبوونم لەگەڵ پێشمەرگەکان و لە گەشتەکانیاندا دەهاتنە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەهاتنە گوندی (پردانان) و زۆرجار پێشمەرگە دەهاتن بۆماڵەکانی نێو گوند، کە یەکێک لەو ماڵانەش

ماڵی ئێمە بووە لە ڕووی چەک و پێداویستیی جلوبەرگ هاوکاریان بووم" (ئیبراهیمی، کۆیە، ٤ - ٧ - ٢٠٢٤).

بەگوێرەی سەرچاوەکان، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣ - ١٩٧٩ بەگشتیی نزیکەی (٢٩٦) ژن بوونە قوربانی، بۆیە بەشداریکردنی ژنان لە ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکان و لە ڕابەرایەتیکردن و پشتیوانیکردن لە جووڵانەوەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نموونە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی جیاوازیی ڕەگەزی کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی ڕۆڵ و هەوڵدانی ژنان لەو قۆناغەدا نەبووە (ستار، ٢٠١٩، ٨٥) هەروەها جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە یەکێک لە قۆناغی گرنگ و ڕووداوە مێژووییە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان دابنرێت، کە بووە هۆی گۆڕینی باری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیستەمی حوکمڕانی کردن لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران قۆناغێکی نوێ و گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد سەری هەڵدا (مەحموود، ٢٠١٢، ٢٨) کە لە دوای ئەو قۆناغە ژنان زیاتر لە پێشوو هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تەنانەت لە بواری چەکدارییشەوە بەشدارییان کردوە.

***

١- **هێلین ناسراو بە نەسرین قاسملوو** لە ساڵی ١٩٣٠ لە پڕاگ پێتەختی چیکۆسلۆڤاکی لەدایک بووە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە دایک و باوکی لێک جیا بوونەوە. ناوبراو لە تەمەنی ١٧ساڵیدا عەبدولڕەحمان قاسملووی لە پڕاگ ناسیوە و دواتر لە تەمەنی ١٨ ساڵی و لە ساڵی ١٩٥٢دا ژیانی هاوژینی لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملوو پێکهێناوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ژیانی بڕوانە (قاسملوو، نەسرین، (٢٠١٤)، ئەورووپایەک لە وڵاتی کورداندا، بیرەوەرییەکانی ژیانی نەسرین قاسملوو، و: ناهید حوسێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، کوردستان.

٢- **عیسمەت نستانی** لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گوندی نەستان لە بنەماڵەیەکی وەرزێر چاوی بە دونیا هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی تا وەرگرتنی دیپلۆم لە بەشی ئابووری کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو کردوە. ساڵی ٢٠٠٩ لە بەشی یاسا لە زانکۆی کۆیە بەکالۆریۆسی وەرگرتوە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرتوە و، زیاتر لە ١٠ ساڵ وەک بەڕێوەبەر و مامۆستای قوتابخانەی شۆڕش بووە و لە کۆنفرانسی سێیەمدا وەک بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوە و بەرپرس و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان بووە و چەندین بابەت و بڵاوکراوەی لەسەر پرسی ژنان هەیە. ئێستاش لە شاری کۆیە دەژی.

٣- **خەدیجە لاهیجانی** ساڵی ١٩٦١ لە گوندی زێدانی ناوچەی پیرانشار لەدایک بووە، هاوسەری شەهید لوقمان مێهفەرە و

خاوەنی شەش منداڵە و لە شاری کۆیە لەنێو کەمپی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەژیت ( شەریفی، ١٣٨٨، ٥٩).

٤- **خورشید ڕەسووڵی** لە ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی قەرەقەسەل سەر بە شاری نەغەدە لەدایک بووە و بنەماڵەکەی بنەماڵەیەکی ئایینی و جووتیار بوون و ساڵی ١٩٨٦ بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تا ئیستاش لەنێو کەمپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە دەژی و پێشمەرگەیە.

٥- **گوڵێ ئیبراهیمی** ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی پردانان سەر بە شاری پیرانشار لەدایک بووە و، بنەماڵەکەی ئاژەڵدار و وەرزێر بوون، ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە و لە بواری چەکداری کاری کردوە و تا ئێستاش لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندایە و لە شاری کۆیە دەژی.

٣ی سەرماوەزی ٢٠٢٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵ و بە شداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ - ١٩٨٠

(بەشی یەکەم)



لە پێشووتردا ئەگەر دەرکەوتنی ژنان و بەشداریکردنیان لە ڕەوتی خەبات لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە بووبێت، لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی ژنان لە دوای قۆناغی بووژانەوە و دواتر دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان-ئێران، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو گەشەدان بە شوناس و ناسنامەی خۆیان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بوو کە بۆ دوو ئەرک (نەتەوەیی و هەڵاوردنی ڕەگەزی) هەوڵیان داوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان، ڕاستەوخۆ هاتوونەتە نێو شۆڕش و خەباتی خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، چەکداری، تەشکیلاتی، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردندا گەشە پێ داوە. بێگومان لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٧٩دا دیسان ئەرکی بەڕێوەبردنی کەوتووەتە سەرشان، هەرچەندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و کولتووری لە ئابلۆقەدا بووە و بەمەش بۆشایی لە حوکمڕانی و ئیدارەدانی وڵاتدا هاتبووە ئاراوە و، هەربۆیە شانی داوەتە بەر هەردوو بەرپرسیارەتیی ئەرکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی وڵات. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی داوە بە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی،

دامەزراندنەوەی خوێندنگە و نەخۆشخانە و چارەسەری پرسەکان لە ڕێگەی بەقانوونیکردنی کۆمەڵگە جێبەجێ بکات.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٨٠دا، گەڵاڵەیەکی بە ناوی "گەڵاڵەی کۆمیسیۆنی قەزایی و قانوونی سزادانی گشتی" پەسەند کردووە و هەر لەو قانوونەشدا لە بەندی (٦٧ - ٧٢) تایبەت بە مافی حقووقی و ئینسانیی ژنان باسی لە مارەیی زۆر و هێنانی ژنی دووهەم، ژن بە ژنە و پێشکەوتن و بەشداریی ژنان لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و چەکداری و پەروەردەیی و چەندان بڕگە و بابەتی دیکە کردووە (باڵەکی، ٢٠٠٦، ١٧ - ٨٢). بڕیارەکانی حیزبی دێموکرات ئەگەرچی کەم و کورتیی زۆری تێدا بوو، بەڵام تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا هەبووە، هەروەک دەبینرێت لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە بەشداریی (٣١٠) نوێنەر لە سینەما ئومێد لە شاری مەهاباد لە (٢٤ی شوباتی ١٩٨٠) بەستراوە، لەو کۆنگرەیەدا لە کۆی (٢٥) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کە هەڵبژێردران، تەنیا ژنێک - فەوزیە قازی-(١)، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.(٢)

دەکرێت بگوترێت ئەمەش بەرەوپێشچوونێکی چۆنایەتیی گەورە و گرنگ بووە لەو قۆناغەی خەباتی سیاسیی کورد و ژیانی پارتایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە ژنێک بگاتە پلەی ئەندامی سەرکردایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا. دوای تەواوبوونی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە (٢٤ی شوباتی ١٩٨٠)، عەبدولڕەحمان قاسملوو بە مەبەستی لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ئێران و ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرایەتیی خومەینی و گیروگرفتەکانی کوردستان بە ڕێگەی ئاشتی داوای کرد حکوومەتی ئێران لێژنەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات قبووڵ بکات. دوای هاتنەوەی وەڵامی ئەبولحەسەن بەنیسەدر کە ٢٥ی شوباتی ١٩٨٠ی بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی دیاری کردبوو، حیزبی دێموکرات هەیئەتێکی پێنج کەسیی ناردووە کە یەکێک لە ئەندامەکانی "فەوزیە قازی" بووە و ئەندامەکانی دیکەش بریتی بوون لە: غەنی بلووریان سەرۆکی لیژنە، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، نەوید موعینی و ئەحمەد قازی کە بە مەبەستی وتووێژ چوونەتە تاران (حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ٣٦٠؛ ستار، ٢٠١٩، ٨٨).

سەرەڕای سەرەڕۆیی و باڵادەستیی چەمکە سوننەتییە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک هۆکار و لەمپەر، کە دەستیان وەدەستی یەکدی دابوو لەبەردەم پرۆسەی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان تا ڕادەیەک هاتوونەتە نێو چوارچێوەیەکی سیاسی لەنێو حیزبی دێموکراتدا و بەشدارییان لە کاری سیاسیدا کردووە. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران (١٩٧٩)، ژنانی ئێران بەگشتی مافەکانیان پێشێل کرا بەتایبەت لە پرسی حیجاب و... هتد. لەم ڕووەوەش هاوشانی

ژنانی ئێران، ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەنێو هێزە سیاسییەکان وەک (حدکا) ڕۆڵی گرنگ و کارایان بینیوە لە بەڕێوەبردن و خۆپیشاندانەکان و داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان لە ئازادیی جلوبەرگ و نەپۆشینی سەرپۆشدا کردووە و لە دروشمەکانیاندا دژ بەو سیاسەتە لە خۆپیشاندانەکاندا گوتوویانە "نە ڕووسەری، نە تووسەری، مەرگ بەر جومهوریی ئیسلامی". بەم هۆیەشەوە ژنانی کورد ڕووبەڕووی کوشتن و زیندانیکردن و لەسێدارەدان و دەستدرێژی بوونەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەن هەڵوێستی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون. نموونەی ئەو ژنانەش "شەهلا و نەسرین کەعبی" دوو ژنی خەڵکی شاری سەقز بوون کە لە ٢٨ - ٨ - ١٩٨٠ لەسێدارە دراون. هەروەها "زەریفە باجەڵانی" کە ژنێکی ناسراوی شاری کامیاران بووە و دوای ئەشکەنجەدان و ئازارێکی زۆر لە ٦ - ١٠ - ١٩٨٠ لەسێدارە دراوە (مەحموود، ٢٠١٢، ١٣٦، ١٤٠).

لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، لەنێو هێزە سیاسییەکاندا و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات هەمیشە لە وتەکانیاندا سەبارەت بە بارودۆخی ژنانی کورد بەگشتی و ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا زۆر بابەتیان هێناوەتە بەرباس. د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە دەیەکانی حەفتا و هەشتاکانی زایینیدا بەردەوام گوتوویەتی لە تێکۆشانی حیزبی ئێمەدا دەبێت جێگەی تایبەت بە ژنان بدرێت کە نیوەی دانیشتووانی وڵاتەکەمان پێک دەهێنن، حیزبی دێموکرات مافی بەرابەری لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێت، بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە نێواندایە، دەبێت ئەو مەودایە وردە وردە لەناو بچێت و بە بڕوای حیزبی دێموکرات تا ژنان لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووە و هەرچی ژنان لە بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییەکاندا تێکۆشەر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە (فتووحی، ٢٠١٣، ١٤).

هەر لەو چوارچێوەیەدا وەک دەردەکەوێت، بەشداریی ژنان لە بواری سیاسی لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە میانەی گفتوگۆکاندا، بیروبۆچوون و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان هاوتەریبن، لێرەدا هەوڵ دەدرێت چەند ڕوانگەیەک بخرێتە ڕوو، کە لەو باوەڕدان ڕاستە لە بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتدا باس لە بەشداریی ژنان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان کراوە، بەڵام وەک پێویست نەبووە. عیسمەت نستانی دەڵێت: "هێزە سیاسییەکان کەناڵێکی زۆر گرنگ بوون بۆ بەشداریی ژنان لە بواری سیاسیدا، ئەگەر مێژوو بخوێنینەوە لە زۆربەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەشداریی ژنان قۆناغێکی مێژوویی هەبووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات و کۆنگرەکانی دواتر، ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیش (پێشەوا قازی محەممەد و عەبدولڕەحمان قاسملوو) هەمیشە لە وتەکانیاندا دووپاتیان کردووەتەوە پێویستە ژنان جێگەی تایبەتیان هەبێت و حیزبی دێموکرات مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنانیش دادەنێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە کۆنگرەکانی (٤ و ١١)ی حیزبی دێموکراتدا، تەنیا دوو ژن وەک ڕێبەری لەناو مێژووی ڕێبەریی حیزبدا بوونیان هەبووە، کە (فەوزیە قازی و خەدیجەی مەعزووری) بوون. لەگەڵ ئەوەی ژنان کۆڵەکەی خەبات بوون و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی قۆناغەکان یارمەتیی پێشمەرگە و حیزبی



سەرچاوە
Serchawe

دێموکراتیان داوە، چ لە بواری تەشکیلاتی بووبێت یان لە بواری پێڕاگەیشتن لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگەیەک وەک جلوبەرگ و خۆراک بووبێت. بێجگە لەوەش ژنان بۆخۆشیان هەوڵیان داوە و لە بواری نیزامی و چەکداری دەور و نەخشی خۆیان هەبێت و شان بەشانی پیاوان لە خەباتدا بوون، بەڵام لە بواری سیاسیدا حیزبی دێموکرات کەمتر گرنگیی بە پرسی ژنان داوە و لەگەڵ ئەوەی دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، کەم نەبوون ئەو ژنانەی ڕاستەوخۆ هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و بەشداریی چالاکیی خەباتی چەکداری و سیاسی بوون و وەک پیاوان ئەرکی خۆیان ڕاپەڕاندووە. بۆیە ڕێژەی بەشداریی ژنان لەنێو ڕێبەری و بەشداری لە بریاری سیاسیدا کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕێگە نەدراوە، ژنان بێنە ئاستی دەفتەری سیاسی و لە شوێنی بریاردان بن. بەکورتی، پیاوسالاری لەم ڕووەوە لەنێو حیزبی دێموکراتدا بەڕوونی دیار بووە و هەیە. بۆیە ژنان تەنیا لە بواری ڕێکخراوەیی و تەندروستی و پەروەردەیی و بواری چەکداری و ڕاگەیاندن کاریان کردوە و زیاتر چالاک بوون و ئەو ڕەخنەیە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واردە، چۆن تا کۆنگرەی چواردەیەم گرنگیی ئەوتۆ بەو پرسە نەدراوە و، لەو کۆنگرەیەدا (تبعیض مثبت) واتە ڕێژەی دیاریکراو بۆ ژنان دیاری کردوە، بۆ ئەوەی مافیان هەبێت و بەشدار لە کۆنگرەدا وەک ڕێبەری بێنە نێو خەباتی سیاسی کە پێم وایە ئەوە ماف نیە." (نستانی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤).

ئەو کەمتەرخەمییە ئەگەر یەکەم جار بگەڕێتەوە بۆ حیزبی دێموکرات و دەبێت ئەو ڕاستییەش بڵێین تەنانەت خودی ژنان لەگەڵ ئەوەی لەنێو هێزە سیاسییەکاندا پەراوێزخراو بوون، لە هەمان کاتدا بۆخۆشیان کەمتەرخەمیی سەرەکی بوون، نەیانتوانیوە تاوەکوو ئێستاش زۆر کولتوور و داب و نەریت تێکبشکێنن بەوەی کە دەگوترێت ژنان لە بواری سیاسی لاوازن. هەروەها گوڵی ئیبراهیمی دەڵێت: "وەک گرنگیدان حیزبی دێموکرات لە زۆر لایەنەوە کەمتەرخەم بووە، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە قەت ڕێگە بە ژنان نەدراوە بێنە ئاستی سەرووتر یان هان نەدراون، بەڵام ڕێزی زۆریان لێ دەگرتین، کاتێک دەورەی نیزامیم تەواو کردوە لە هێزی قەندیل سازماندهی کرام، زۆرجار عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە دەهاتە بنکەی هێز بۆ سەردان، هەمیشە دەیگوت ئاوات و ئارەزووی من ئەوەیە لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕێژەی ژنان ئەوەندە زۆر بێت، سەرپەل و فەرماندەی هێزیش لە خۆیان بێت. بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دراوە گرنگیی بە ژنان بدرێت، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە بواری سیاسیدا بەکردار جێبەجێ نەکراوە." (ئیبراهیمی، کۆیە، ٤ - ٧ - ٢٠٢٤). هەر لەو بارەیەوە ماپەرە قەرەگۆلی(٣) دەڵێت: "حیزبی دێموکرات هەمیشە ڕێگەی بۆ هاتنەمەیدانی ژنان خۆش کردوە، لە بەرنامە و پرۆگرامی حیزبیشدا، ئەو پرسە ڕەنگی داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کەسانی یەکەمی حیزبی وەک عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٧٠ - ١٩٨٩) و سەعید شەرەفکەندی (١٩٨٩ - ١٩٩٢) لایەنگر و پشتیوانی هاتنەمەیدان و بەشدارپێکردنی ژنان بوون، بەڵام ڕێژەی ژنان لە ناوەندەکانی بریاردان و بەشداریی لە ئاستی ڕێبەری لە کۆمیتەی ناوەندی یان دەفتەری سیاسیی حیزبدا کەم بووە و ڕێگە نەدراوە و هەمیشە زۆرینە هەر پیاوەکان بوون. ژنان زیاتر لە سەنگەرەکاندا و لە بوارەکانی

پەروەردە و تەندروستیدا چالاک بوون." (قەرەگۆلی، سۆئێد، ٢٤ - ٦ - ٢٠٢٤).

***

١- ئەوەی لە سەرچاوەکان وەک زانیاری دەست دەکەوێت، دوای ئەوەی دووبەرەکی و ناکۆکی دەکەوێتە نێو ڕیزەکانی پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار، ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی وازیان هێناوە و فەوزییە قازی بەهەمان شێوە لەدوای ئەو کاتەوە وازی لە خەباتی سیاسی هێناوە و لە شاری مەهاباد لە ماڵی خۆی دانیشتووە (مەحموود، ٢٢٣، ٢٠١٢)

٢- ماوەیەک دوای کۆنگرە، بەهۆی سیاسەتی حیزبی توودەوە حەوت کەس لە حیزبی دێموکرات جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، کە بە تاقمی حەوت کەسی ناوبانگیان دەرکردوە و دواتر چوونەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی توودە و دواتریش هەڵوەشانەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە. (فەوزییە قازیش یەکێک لە ئەندامانی ئەو حەوت کەسە بووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆنگرەی ١ - ٩، بەرگی یەکەم، ٩٤، ٢٠١٢).

٣- ماپەرە قەرەگۆلی ساڵی ١٩٦٢ لە پیرانشار لەدایک بووە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندوویەتی. لە تەمەنی شازدەساڵیدا، وەک زۆر لاوی ئەو سەردەمە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی سازمانی جەوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستان - ئێرانەوە تێکەڵی سیاسەت بووە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە پەیوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە کردووە. ئێستاش لە سۆئێد لە شاری ستۆکهۆڵم دەژیت.

٢١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥


سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥-١٩٩٠)



بەشێک لە ژنان بۆچوونیان وایە، دەبێ بزووتنەوەی کورد هەڵگری پرۆژەیەکی روونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵێک پرسی گرنگی دیکەی کۆمەڵگە، یەک لەوان پرسی ژنان بێ، کە بەهۆی مەسەلەی نەتەوەییەوە پەراوێز خراوە. هەر بەو هۆیەوەشەوە حیزبە کوردییەکان ڕێکخراوی ژنانیان هەیە، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لەسەر زەرووڕەتی کار بۆ پرسی ژنان دانەمەزراون، واتە هیچ کامیان لە کار و پرۆژەکانیان بۆ پرسی ژنان سەربەخۆ نین و هەرچەندە هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی خۆیاندا کۆمەڵێک ژنیان لە ڕەوتی خەباتدا لەگەڵ بووە و هەموویان باسی یەکسانیی ژن و پیاویان کردوە، بەڵام بە کردەوە ژن لەنێو ڕیزەکانیاندا لە بڕیاردانادا بە کردەوە دەسەڵاتیان نەبووە و ڕۆڵێکی لاوەکییان هەبووە و هەیە و پەراوێز خراون. ئەو ژنانەی گەیشتوونەتە دەسەڵاتیش بە چەند هۆکارێک دەسەڵاتیان کز و لاواز بووە و نەیانتوانیوە گۆڕان پێکبهێنن (قادری، ٢٠١٣، ٢٧، ٢٨).

کەسانی یەکەمی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە گرنگینەدان و بەرەوپێشنەبردنی ژنان بۆ ئاستی باڵا، دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە. عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە میانەی گفتوگۆیەکدا لە گۆڤاری ژنان گوتوویەتی: "دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئەمڕۆ وەک خۆی بایەخی بە مەسەلەی ژنان داوە، ئەگەر تەماشای بەرنامەی حیزب بکەی ماددەی تایبەت هەیە کە دەڵێ: ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان

هەیە و لە زۆر جێگای دیکەش هەر بۆ ئەوەی تەئکید کرابێتەوە لەسەر مافی ژنان باس کراوە. بۆیە حیزبی دێموکرات بەهۆی هەلومەرجی خەباتی سیاسیی خۆی، پاشان بە دەلیلی قۆناغێکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵی کوردەواری پێدا تێدەپەڕێ، نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی و ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیەتی لەبارەی ژنانەوە پیادە بکا. بەو حاڵەش پێم وایە نەک حیزبی دێموکرات، ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات ڕەخنەمان لەسەرە، ئەو ڕۆحە کە حیزبی دێموکرات داوامان لێ دەکا، ڕۆحی ئیحتیرام بە مافی ژنان، نەیتوانیوە بەتەواوی بەسەر جۆری بیرکردنەوەی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا زاڵ بێ (حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ٢). گەوهەر شێرخانی دەڵێ: "دیارە لە هەموو کارێکدا بەربەست هەبووە و دەشبێت، لەو ڕێگایەدا زۆر کەند و کۆسپ هەیە دەتوانن ڕێگر بن لە سەرکەوتن و پێشکەوتنی ژنان لە کارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان هەمووکات ڕۆڵێکی بەرچاویان لە جەریانی شۆڕش و خەبات لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە. لە ڕابردوودا بە دەیان ژن لە خەبات و تێکۆشاندا بوون و هەروەها چەندین ژنمان هەیە بووە بە قوربانی، وەک (عەزیمە عوسمانی و فاتمە دلاوەری) و چەندان ژنی تر" (شێرخانی، هەولێر، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەر چۆنێک بێ، دەکرێ دان بەو ڕاستییەش دابنرێ، لەگەڵ ئەوەی لەمپەر لەناو هێزە سیاسییەکان و خودی کۆمەڵگەشدا هەبووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خودی وشیاریی ژنانیش بەگشتی لە بەرانبەر بەشداریکردن لە پرسە سیاسییەکاندا و نەبوونی ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی ژنان لەو سەردەم و تەنانەت تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ کە تەنیا وەک پاشکۆیەکی هێزە سیاسییەکان بینراون و دەبینرێن، گرفتی گەورەی بەردەم گەشەکردنی ژنان بوون و هەن و ژنان بۆخۆشیان دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە.

لەگەڵ ئەوەی بەربەستەکان زۆر بوون و ژنان لە بڕیاردانی سیاسیدا نەخش و ڕۆڵی ئەوتۆیان نەبووە و ڕێگەیان پێ نەدراوە لە ئاستی پلەی باڵای سیاسی وەک ئەندامی سەرکردایەتی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا، بەڵام لە هەوڵدان و کارکردن، بەشداریکردن لە بزووتنەوەکان و خەباتی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی پەروەردەیی و تەندروستی بەردەوام بوون و بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای کۆنگرەی چوارەم (١٩٨٠) و لە ساڵانی دواتردا لە کاروباری پێشمەرگەوە چەندین دەستکەوتی گەورەی هەبووە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١-٩، ب١، لا١٩٩). یەکێک لەو دەستکەوتانە لە بواری چەکداری و ڕێکخستن بووە، کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی هێزی مرۆیی و پشتیوانیکردنی خەباتی چەکداری لە کوردستان، جەماوەر و چین و توێژە جیاوازەکان بوون، بەتایبەتیش کە بەشێک لە لاوانی کوردستان لە سایەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی چوونەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەک هێزێکی مرۆیی لەبننەهاتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون (مەحموود، ٢٠١٢، ١٧٧).

یەکێک لەو چین و توێژانەی هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژنان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و هیچ چەشنە جیاوازییەک نەبووە لە ڕووی ئەرک و بەڕێوەبردن لە ڕووی کاری چەکدارییەوە. هەروەها بێجگە لە

هەستی نەتەوەیی و کارکردن لە بواری تەشکیلاتی بە شێوەی نهێنی لەنێوخۆدا و کاریگەریی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان لەسەر هاتنی ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند هۆکارێکی دیکە پاڵنەر بووە وەک دیتنی پێشمەرگەی کوڕ و کچ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. گوڵێ ئیبراهیمی دەڵێ: "پێشتر بەنهێنی وەک ئەندامی حیزب کارم کردوە، بەڵام بەهۆی دیتنی خوشکە خەدیجە مەعزووری و خوشکە سەکینە جەوانمەردی کە هاتووچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد و هەروەها دیتنی پێشمەرگەکان، هەموو ئەوانە بوونە هۆکار و لە ساڵی ١٩٨٧ بە ئاشکرا پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کرد. ئەو کات بنکەی حیزب لە ئاشقۆڵکە بوو، دەکەوێتە قڕناقە و پشت ئاشان واتە دیوی باشووری کوردستان بوو. دوای دیتنی دەورەی نیزامی لە مەڵبەندەکان و هێز و لقەکان سازمان دەدراین و لە گەشتە سیاسی و نیزامییەکان بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەش دەچووینەوە و لە زۆربەی چالاکییە چەکدارییەکانیش لە بەرەی بەرگریدا بووین. بۆ نموونە: جارێکیان لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ نێوخۆ کە لە "دووسەر و پانەسەر" لە ناوچەی سەردەشت ساڵی ١٩٨٩ بوو تووشی شەڕێکی قورس بووین لەگەڵ دوژمن. فەرماندە هێزەکەمان ئەحمەد نستانی بوو، و لە کاتژمێر ٦ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە لە شەڕدا بووین و بریندارمان هەبوو. دواتر ئەحمەد نستانی هاوشێوەی کوڕەکان بە منی سپارد کە دەبێ لەگەڵ خدر قەڵاتی برینداەکان بگوازینەوە. لە کاتی ڕۆیشتن و گواستنەوەی برینداەکان لە کەمین کەوتین، ئەوەش بووە هۆی دابڕانمان لە یەکتری و لە دۆخێکدا بە تەنیا مامەوە کە هیچ شارەزای ئەو ناوچانەش نەبووم. بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمە ئەو شوێنەی یەکەم جار لەگەڵ دوژمن دەرگیر بووین و دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی "خانم" یەکترمان دیتەوە کە خەڵکی سەردەشت بوو. چووینە جادەی پیرانشار - سەردەشت، لە خوار جادەکە چەند کەسێکم بینی وامزانی هێزی ڕێژیمە، لەگەڵ خانم بڕیارمان دا تا کۆتایی شەڕ بکەین و گوللەیەکیشمان وەک (زاپاس) دانا بۆ ئەو کاتەی توانای شەڕمان نەما خۆمان بکوژین و بە زیندوویی نەکەوینە دەست دەوڵەت. لە کاتێک ویستم تەقە بکەم دیتم پێشمەرگە برینداەکانن کە حەوت پێشمەرگەیەک دەبوون. یەکمان گرتەوە و دواتر توانیمان لە ڕێگەی کۆمیتەی سەردەشت و هێزی گیاڕەنگ برینداەکان بگوازینەوە" (ئیبراهیمی، کۆیە، ٤ - ٧ - ٢٠٢٤).

**هاوڕێ ئیسماعیلی دەڵێ:** "کاتێک ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە، لە ڕێگەی دیتنی چەند پێشمەرگەیەک لە ناوچەی پیر محەممەدی بۆکان بوو. چەند کەس لەو پێشمەرگانە وەستا ئەحمەد و چرچەی بارام میرزا و ئەحمەد نوورە بوون کە لەگەڵیان کەوتم و هاتمە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەو کات هەر کوڕ و کچێک تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵان بووایە دەنێردرا بۆ یەکیەتیی لاوان و لەوێ پەروەردە دەکرا تا تەمەنی یاسایی خۆی، بۆیە بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ مامەوە و دواتر نێردرام بۆ دەورەی نیزامی، و وەک یەکەم ئەرک دەبوو دەورەی نیزامیم ببینیایە. بۆیە ئەو دەورەیەم تەواو کرد و بە خەباتی چەکداری دەستم پێ کردوە" (ئیسماعیلی، کۆیە ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤).

هەر لە بواری چەکدارییەوە یەکێکی دیکە لەو ژنانە خورشیدە ڕەسوڵی دەڵێ: "پەیوەندیکردنم بە حیزبی دێموکراتەوە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆیی وەک زوڵم و زۆرداری، چەوسانەوەی کوردەکان و کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە کە بەشێکیان لە نزیکانی خۆمان بوون، ئەوانە هەموو هۆکار بوون کە ساڵی ١٩٨٩لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتمە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات. دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ دەورەی نیزامیم دیت، لەگەڵ فاتمە دلاوەر و مریەم ڕەحمانی دراین بە مەڵبەندی (سپی سەنگ) و لە لقی دوو سازمان دراین کە ئەو کات مەڵبەندی سپی سەنگ سێ لقی هەبوو. ئەو ژن و کچانەی بەیەکەوە کارمان کردوە نزیک بە ٢١ کچ بووین و سەرلکی ئێمە واتە کچەکان عەزیمە عوسمانی بوو کە تەنیا پێنج کلاس خوێندەواریی هەبوو. عەزیمە هەتا هاتبووە نێو ڕیزەکانی حیزب دوو تا سێ جار لە لایەن دەوڵەتەوە گیرابوو، و کچێکی زۆر بەتوانا بوو" (ڕەسووڵی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤).

هەروەک دەبینرێت، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە بواری چەکداریدا لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کاریان کردوە، لەو بارەوە گوڵێ ئیبراهیمی و گەوهەر شێرخانی دەڵێن: "سەرەتا هاتنمان، بوونمان بە پێشمەرگە کچمان زۆر بوو لە هێزە جیاجیاکان، ئەو کات ئەوەندەی دەمانناسین و بەگشتی بەیەکەوە کاری چەکداری و سیاسیمان دەکرد نزیک بە ٢١ کچ لەنێو ڕیزەکاندا بووین. بەشێک لەو کچانە بریتی بوون لە: مریەم عەزیزی، مەلەک پیرۆتی، خورشید، مریەم ڕەحمانی، سەید سەعیدە خالیدی (لەیلا)، فەوزیە، زارا، زوبێدە، ئایشە، کافیە، ئێران، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری. لەو کچانە چوار کەسیان شەهید بوون وەک: زوبێدە، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری و سەید سەعیدە خالیدی کە بە لەیلا بانگمان دەکرد" (ئیبراهیمی، کۆیە، ٤ - ٧ - ٢٠٢٤؛ شێرخانی، هەولێر، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). جێگای خۆیەتی ئەوەش بخرێتەڕوو، کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ڕۆڵیان لە خەباتی چەکداری و سیاسی و ڕێکخستنەوە بە شێوەی جۆراوجۆر سێدارە، ئەشکەنجەیان لە قۆناغی بەرگریدا ئەزموون کردوە. زۆرجار لەو پێناوەدا گیانیان سپاردووە.

نموونەی ئەو ژنانەی زانیاریی ورد لەسەر چۆنیەتیی شەهیدبوونیان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا بەردەستە فاتمە دلاوەر و عەزیمە عوسمانین کە ساڵی ١٣٦٩ لە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە ئاوایی "خورینج" کاتێک پێشمەرگەکان کەوتوونەتە بۆسەوە گیانیان سپاردوە (سەمەدی، ٢٠٠٩، ٥٨). هەر لەم بارەوە خورشیدە ڕەسووڵی کە لەگەڵ ئەو گەشتە سیاسی و نیزامییەدا بووە، دەڵێ: "لە گەشتێک ساڵی ١٣٦٩ بۆ نەغەدە کردمان، چەندین جار ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕێژیم بووینەوە و لە کاتی ڕۆیشتنمان بۆ شاخەکانی ماسوێ لە بۆسەیەک کەوتین. لێیان وەدەست هاتین و بە سەریاندا سەرکەوتین و هێزەکەمان هەشت دیلی لە هێزەکانی ڕێژیم گرت و دواتر بۆ ماوەی دوو شەو و ڕۆژ لە بەردەکانی (خورینج) ماینەوە. دواتر جارێکی دیکە لە بۆسەی ڕێژیم کەوتینەوە، بەڵام لەو بۆسەیەدا عەزیمە عوسمانی بریندار بوو کە تەحویلی کۆمیتەی شارستانی لاجانمان دا و دوای دوو ڕۆژ هەواڵمان بۆ هات بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی سپاردووە. هەر لەو گەشتە

نیـزامییەدا لە بەری مێرگـان و دوای چەنـد ڕۆژ لە گەشـتەکەمان، لە "خـرە چەوەنـدەر" جـارێکی دیـکە لە بۆسـەی ڕێـژیم کەوتینەوە، هەرچەندە سەرکەوتوو بووین، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنمان هێزەکـانی ڕێـژیم بە تـۆپ لە ڕیـزی پێشمەرگەکانی دا و لەوێدا سێ پێشمەرگەمان دەستبەجێ گیانیان سپارد و حەوت پێشمەرگەمان بریندار بوون، بۆخۆم و مریەم ڕەحمـانی بریـندار بـووین، کاتێـک بـۆ دواوە گەڕامەوە دیـتم فـاتمە دلاوەر لەگەڵ ڕەحیم سـێلوێیی کە خۆشەویـستی یەکتـریش بـوون، پـێکەوە شەهید ببوون. هەرچەنـدە ویـستمان هەرچۆنێک بـێ فـاتمە دلاوەر ببەین و بەجێی نەهێڵین، بەڵام نەمـانتوانی هیچیـان بـۆ بکەین، بۆیە لەگەڵ مراد جۆڵا تەنیا ئەوەندەمان پێ کرا بە گەڵای داران دایانپۆشین، هەر بەو هۆیەوە تـا ئێـستا نـازانرێ گۆڕی فاتمە دلاوەر لەکوێیە" (ڕەسووڵی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤).

١٣ی بەفرانباری ٢٧٢٥

---

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا (١٩٤٥ - ١٩٩٠)



## ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکرات لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٩٠،

### بەشی سێهەم و دەرەنجام

دەتوانین بڵێین ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا هاوشانی پیاوان لە چالاکییە چەکدارییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکان لە بەرەکانی شەڕدا بەشدار بوون و چەندین ژنیش گیانیان سپاردووە. بێجگە لە بواری سیاسی و چەکداری، لە بواری تەندروستیش ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. ئەمەش دوای ئەوەی کە حیزبی دێموکرات گرنگیی زۆری داوە بە دامەزراندنی نەخۆشخانە و بواری تەندروستی و پزیشکانی نەخۆشخانەش بە پێداویستییەکی زۆر کەمی پزیشکییەوە چەندین نەشتەرگەریی جۆراوجۆر و قورسیان بۆ بریندار و نەخۆشەکان ئەنجام داوە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١ - ٩، ب١، ١٩٩). هەر لەو بارەوە ماپەرە قەرەگۆلی دەڵێ: "ژنان لە سەنگەرەکاندا و لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستیدا زۆر چالاک بوون. منیش پێشتر لە پشووی هاوینی ساڵی ١٩٧٨دا لە نەخۆشخانەی پیرانشار دەورەی دەرمانیم بینیبوو، کاتێک شاری شنۆش لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوو لە نەخۆشخانەی ئەو شارە دەورەی مامایم بینی، کە لە لایەن چەند دوکتورێکی فەڕەنسیی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور دانرابوو. لە ساڵی ١٩٨٢ بۆ بەشداربوون لە دەورەیەکی پەرستاری بۆ ماوەی شەش مانگ ڕوومان لە وڵاتی فەڕانسە کرد. دواى گەڕانەوەمان بۆ کوردستان لە نەخۆشخانەی شۆڕش

کارم کردوە. لە قەندیلیش لەگەڵ هاوڕێ ئیسماعیلی لە بەشی مامانی هاوکاریی یەکتری بووین" (قەرەگۆلی، سۆئێد لە ڕێگەی واتساپ، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەروەها هاوڕێ ئیسماعیلی دەڵێ: "کاتێک لە بواری تەندروستی کارم کردوە لە سەرەتادا ڕێگری هەبوو، هەرچەندە بە بواری لێکۆڵینەوەشدا تێپەڕیبووم، بەڵام بەهۆی ئەوەی تازە هاتبوومە ناو حیزب و (حیجابیش) بووم، تەنانەت تۆزێک لێم بەگومان بوون. دواتر لە ڕێگەی دوکتور (مراد) دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد و پرسیارکردن لە (عەزیم ئەفسەر) کە بەرپرسی لاوان بوو، نامەیەکی بۆ نووسیم و چووم بۆ نەخۆشخانە و دەستم بە کاری دەرمانی لە بەشێک کە پێیان دەگوت ئۆرژانس (تەواری) کرد. دواتر بەهۆی تۆپبارانکردنی نەخۆشخانەی حیزب لە (کانیە زەرد) لە ساڵی ١٩٨٤ هاتینە (دۆڵی کانیە ڕەش)، ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە ئەو شەوە ژنێکی دووگیانیان هێنا و دوای لەدایکبوونی منداڵەکەی ناچار هەر بەیانی بەڕێمان کردەوە. ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لە بواری تەندروستی چەند ژن و کچێک بووین وەک: (ماپەرە قەرەگۆلی، نەسرین سۆفی زادە، شەهلا سۆفی زادە و داگوڵ کچی ڕەحمان سوور). لە ساڵی ١٩٨٤ جارێکی دیکە نەخۆشخانەی حیزب تۆپباران کرا و هاتینە باشووری کوردستان و دوای جێهێشتنی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی فشارەکانی ڕژێم، هەرچەندە نەمانتوانی تەواوی کەلوپەلەکان بێنین، بە هێنانی چەند کەلوپەلێکی کەمی بواری تەندروستی هاتینە (کارێزە) لە شاری (سلێمانی)، لەوێ خوێندنگایەکی چۆڵمان ئاوەدان کردەوە و بەشەکانی نەخۆشخانەمان لەوێ دانا. دیارە ئەو نەخۆشخانە لەگەڵ ئەوەی هی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام زۆربەی جار بەنهێنی پێشمەرگەکانی باشووری کوردستانمان لێ چارەسەر دەکردن و تەنانەت زۆرجار بەعسییەکان دەهاتن پشکنینیان دەکرد، بەڵام هیچ جارێک پێشمەرگەیەکی باشووریان لەو نەخۆشخانەیە دەست نەکەوت. بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ناوچەی کارێزە ماینەوە. ساڵی ١٩٨٧ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات لە لایەن ڕێکخراوێکی فەڕەنسی بە ناوی (ئامی و میدیسۆن) دروست کرا، بۆیە لە کارێزە گواستمانەوە بۆ ئەو نەخۆشخانەیە. من کەوتمە بەشی زایمان و لەوێ لە لایەن دوکتورە فەڕەنسییەکان زۆر هاوکاری دەکرام بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکەم لە بواری زایمانی. ئەمە سەرەتای کارکردنم بوو لە بەشی زایمانی و لەگەڵ خەدیجە ڕۆستەمی و ماپەرە قەرەگۆلی لە قەندیل بەیەکەوە لە بواری مامانی و لەدایکبوون کارمان کردوە" (ئیسماعیلی، کۆیە، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). ئەوەی جێگای بایەخە لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخانەشدا یەکێکی دیکە لەو بووارانەی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، بواری پەروەردە و فێرکردن بووە، کە هاوکات لەگەڵ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕ و داگیرکردنەوەی ناوچەکانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێران لە ساڵانی ١٩٨٠ - ١٩٨١دا و هەوڵی دوورخستنەوەی ڕۆڵەکانی کورد درا لە خۆپێگەیاندن و پەروەردەکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش بە مەبەستی پاکسازی هەوڵی داخستنی خوێندنگە و ناوەندە پەوەردەییەکان درا. بە مەبەستی ڕێگریکردن لەم بارودۆخە نەخوازراوە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بەشێک لە قوتابخانەکان کرانەوە و لە لایەن بەشێک لە مامۆستایانی نێو شۆڕش، کە زۆربەیان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوون و پێیان دەگوترا "مامۆستایانی شۆڕش"، شانبەشانی ئەرکی پێشمەرگایەتی ئەرکی مامۆستایەتییان بەڕێوە دەبرد و وانەیان بە زمانی کوردی



سەرچاوە
Serchawe

گوتۆتەوە (مەحموود، ٢٠١٢، ١٥٣). لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٠ - ١٩٨١ لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە قوتابخانەکان کە بە هاوکاری و تێکۆشانی لێپرسراوان و ئەندامانی حیزبی دێموکرات کراونەوە و هەر لەو کاتەدا داوا لە ڕووناکبیران و خوێندەواران کراوە هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بن لە پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستا و خوێندکاران و ڕووناکبیران کە لە کچ و کوڕ پێکهاتبوو لە هەوڵی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیاندا بوون (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١ - ٩، ب١، ل٢٠٢). لە هاوینی ساڵی ١٩٨٢دا کۆڕی پەروەردە و فێرکردن لە سەرانسەری کوردستان و ناوچە ئازادکراوەکان خولی پێگەیاندنی بۆ چین و توێژەکان دەکردەوە و بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی مامۆستایەتییان هەبوو لە قوتابخانەکانی شۆڕشدا (حەسەنزادە، ١٩٩٥، ب١، ٢٦٣). هەر لەو بارەوە گەوهەر شێرخانی دەڵێ: "حیزبی دێموکرات ئەگەرچی بەربەستی زۆری لەبەردەم بوو، هەمیشە گرنگی بە بواری پەروەردە داوە. گرنگترین خزمەتێک کە حیزبی دێموکرات بە ڕەگەزی مێی کوردی کرد گێڕانەوەی ئیرادە و باوەڕبەخۆبوون بۆ ژنان بوو" (شێرخانی، هەولێر، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەروەها ماپەرە قەرەگۆلی دەڵێ: "دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر شارەکاندا گرتەوە و بەهۆی ئەندامەتیم لەو ڕێکخراوی سازمانی جەوانانی کورد (ڕێکخراوی لاوان) من و چەند هاوڕێیەکی تر وەک مامۆستای شۆڕش لە قوتابخانە وانەمان گوتۆتەوە" (قەرەگۆلی، سۆئێد لە ڕێگەی واتساپ، ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٤). هەر لەو بارەوە عیسمەت نستانی دەڵێ: "ئەرک و بەرپرسیاریەتیم لەنێو حیزبی دێموکرات لە ساڵانی هەشتاکان لە کۆمیتەی سەردەشت لە ڕێکخراوی ژنان و لاوان بووە. هەرچەندە خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی بووم، بەڵام وەک مامۆستای ڕاهێنراو وانەم بە گەورەساڵان دەگوتەوە. ئەوکات کار و چالاکیی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان بەرنامەدانان بۆ بەڕێوەبردنی بۆنە نەتەوەییەکان و ڕۆژمێرە مێژووییەکانی حیزبی دێموکرات و لەپاڵ ئەوەشدا گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ لاوان و ژنان و کچان و دەرکردنی ڕۆژنامەی دیواری و دانانی دەورەی نیزامی و تەندروستی و پەروەردەیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ فێرکردن و خوێندەوارکردنی کچان و ژنان بوو، بۆ نموونە لە گەڕەکی بولواری شاری سەردەشت لە بینای (خانەی موعەلیمان) توانیبوومان خوێندنگایەکی تایبەت بە گەورەساڵان بکەینەوە و زیاتر ئەو کچانە دەهاتن کە پێشووتر دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخسابوو. هەرچەندە بەهۆی شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستاندا کار و چالاکییەکانمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرتەسکتر بۆوە، بەڵام ئەرکە پەروەردەییەکان جێگای خۆیان گرتبوو" (نستانی، کۆیە، ٣٠ - ٦ - ٢٠٢٤). لێرەدا دەکرێ بگوترێت ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ مافە سەرەتاییەکانیان و ئازادییە ڕەگەزی و نەتەوەییەکانیان، لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشەوە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی گرنگیان لەسەر شان بووە و بەڕێوەیان بردوە. پێویستە ئەوەش بخرێتە ڕوو، زۆرجار لە لایەن ڕێکخراوەکانەوە و خودی حیزبی دێموکراتیشەوە کۆڕی پەروەردە و فێرکردن لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان هەبووە و گرنگیی زۆریش بە خولی پێگەیاندن و پەروەردەیی دراوە.



سەرچاوە
Serchawe

## دەرەنجام:

١- دەستپێکی یەکەمین خەباتی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و هاتنیان بۆ نێو ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و بەدواداچوون بۆ داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانکارییە مێژووییەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ڕووی دا، کە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو. ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو قۆناغەدا بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی یەکیەتیی ژنان خۆی بینیوەتەوە، کە زیاتر جەختکردنەوە بووە لەسەر مافەکانی ژنان و هۆشیارکردنەوەیان لەسەر پرسەکانی خوێندەواری تا ئەوەی هەوڵدان بووبێ بۆ کاری حیزبی و سیاسی لەسەر ئاستی سەرکردایەتیکردن.

٢- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی ئەرکی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی وڵاتی لەئەستۆ بووە و لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هەوڵی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەی داوە و لە پەیڕەو و پرۆگرامەکانیدا باسی لە بەشداریی ژنان لە پرسە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا کردوە، بەڵام لەم ڕووەوە ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا زۆر کەم لە ئاستی بڕیاردان بینراون.

٣- هەرچەندە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، ژن گەیشتۆتە ئاستی سەرکردایەتی، بەڵام بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆیی حیزبی و جیابوونەوەیان لە کاری حیزبی دوورکەوتوونەتەوە، دوای ئەو کاتەش تا کۆنگرەی یازدە و چواردە ژنان لە ئاستی سەرکردایەتی نەبینراون.

٤- ژنان جگە لە خەباتی سیاسی، لە بواری ڕێکخستن و حیزبییەوە بەشدار بوون و لەم ڕێگەیەشەوە زۆرجار بەهۆی ئاشکرابوونیان و گرتن و ئەشکەنجەدانیان بەشێکیان ڕووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە و بوونە قوربانی.

٥- پرسی یەکسانیخوازیی ژنان لەنێو حیزبی دێموکراتدا لە دوای پرسە سیاسی و نەتەوەییەکان هاتۆتە بەرباس و ئەم پرسەش تەنیا لە چوارچێوەی گوتاردا خراوەتە ڕوو و ماوەتەوە، ژنانیش لەم ڕووەوە کەمتەرخەم بوون.

٦- ژنان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵ و بەشداریی کارایان لە بواری چەکداری و پێشمەرگایەتیدا هەبووە و لە زۆربەی هێز و پۆلە جیاوازەکانی ژنان بوونیان هەبووە و بەشێکیان لە دەستە و تاقمە

هێرشبەر و بەرگرییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەشدا خەباتی چەکداری و پێشمەرگانەیان کردوە، بەڵام زۆرینەی ئەرک و ڕۆڵیان لە بارەگاکانی حیزب و پاسەوانیدا بووە.

٧- ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو ئەرکیان لەسەر بووە و هەوڵیان بۆ داوە: ئەرکی نەتەوەیی و هەڵاواردنی ڕەگەزی بووە و لەژێر کاریگەریی ئەو هزرەشدا بێجگە لە خەباتی چەکداری کە دەستپێکی ئەرکیان بووە، لە چەندین بواری دیکەی وەک پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانەکانی شۆڕش و نەخۆشخانەدا نەخش و ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە.

٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و ماڵپەڕی کوردستان میدیا

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین


**بۆ هاوڕێیان د. هۆشمەند عەلی محمود – کوێستان نستانی بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


